# لە کوردستان یادی 68 ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق بەرز ڕاگیرا



*** سلێمانی**

ڕۆژی 2002/3/31 لە هۆڵی ژووری بازرگانی مەراسیمێکی وتار خوێندنەوە، بەیادی 68 ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق ئەنجامدرا.

لەو مەراسیمەدا وتاری هاوڕێ (حەمید مەجید موسا)، (د بەرهەم ساڵح)، (قادر عەزیز)، (محەمەدی حاجی مەحمود)، (نوێنەری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی) و (عومەر ئاغای سورچی) خوێندرانەوە.

دوا بەدوای ئەوەش چەند پارچە سرودو گۆرانیو بروسکەی پیرۆزبایی حزبو لایەنو ڕێکخراوەکان خوێندرانەوە.

*** هەولێر**

ڕۆژی 2002/3/31 بە ئامادەبوونی هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقو کوردستان لە بارەگای کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبی شیوعی کوردستان. بە بۆنەی 68 ساڵەی حزبەوە، پێشوازی لە میوانەکان کران.

کە پێکهاتبوون لە چەندین شاندی حزبیو حکومیو ڕێکخراوەییو جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێرو دەوروبەری.

*** دهۆك**

هەر بە هەمان یادو لە هەمان ڕۆژدا لە بارەگای کۆمیتەی پارێزگای دهۆکی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستان پێشوازی لە میوانەکان کرا، کە پێکهاتبوون لە نوێنەرانی حزبو لایەنە سیاسییەکانو وەفدی حکومیو ڕێکخراوە جەماوەرییو پیشەییەکانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو جەماوەرێکی بەرچاوی شاری دهۆك.

*** ئازادی**

* ڕۆژی 2002/4/5 کۆمیتەی پارێزگای ئازادی حزبی شیوعی کوردستان، لە ناوچەی (بێستانە) بە بەشداری خەڵکێکی زۆری ناوچەکەو وەفدی حکومیو حزبی ناوچەکە ئاهەنگێکی قەشەنگ بە یادی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق سازدرا.

لە ئاهەنگەکەدا جگە لە وتاری حزبو بروسکەی پیرۆزبایی چەندین سرودو گۆرانی پێشکەش کران.

*** چەمچەماڵ**

ڕۆژی 2002/4/2 لێژنەی قەزای چەمچەماڵی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستان، بە بۆنەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقەوە سەیرانو ئاهەنگێکی بۆ گوندی (دێ لێژە) سازدا، کە تیایدا جەماوەرێکی زۆری شارەکە ئامادەبوونو، تا درەنگانێك سەیرانەکە بە گۆرانیو هەڵپەڕکێ درێژەی کێشا.

*** کفری**

ڕۆژی 2002/4/2 لێژنەی قەزای کفری حزبی شیوعی کوردستان، سەیرانو ئاهەنگێکی بە بۆنەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقەوە سازدا. ئاهەنگەکە تا ئێوارە بە هەڵپەرکێو گۆرانی درێژەی کێشا.

*** کۆیە**

لە ساڵیادی حزبی شیوعی عێراقدا، لێژنەی ناوچەی کۆییەی حزبی شیوعی کوردستان ئەم چالاکیانەی سازدا.

- ڕۆژی 2002/3/28 یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق ماراسۆنێکی بۆ (70) لاو ئەنجامدا.
- ڕۆژی 2002/3/31 پێشوازی لە وەفدی حزبیو حکومیو ڕێکخراوەکانو جەماوەری شارەکە کرا.
- ڕۆژی 2002/4/3 کۆڕێك بۆ هاوڕێ (کاروان شوانی) لەبارەی مێژووی حزبەوە سازکرا.

# بازگەکانی ڕژێم . . . کەناڵێك بۆ ڕاورووت کردنی خەڵکی کوردستان

**عوسمان محەمەد**

دوای کشانەوەی دامو دەزگاکانی ڕژێم لە کوردستان، چەند بازگەیەك دروست بوو لە سنووری تەماس، ئەم بازگانە ئەگەر چی ڕژێم بۆ ئەوە دروستیانی کرد، کە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەیەتی شتە قاچاخەکان لە هەردوولاوە دزە نەکەن، بەڵام بە پێچەوانەی خواستی ڕژێمەوە، ڕێك بوون بە کەناڵێك بۆ ڕاوڕووت کردنو گیرفان پڕکردنی پیاوەکانی ڕژێم، ئیتر هێنانو بردنی شتە قاچاخەکان لە هەردوولاوە بوو بە ڕێکەوتنی بە پارە لە بەینی جەندرمەکانی ڕژێمو خەڵکدا.

هەر بۆیە ئەم بازگانە بوون بە یەکێك لە مەیدانە ئەسڵییەکانی بژێوی خەڵکی کوردستان لە چەند ڕوویەکەوە، مەیدانی بازرگانیو کرێکاریو گواستنو گیاندن ئەمانە چەند کارێکی سەرەکین کە لەوێدا ئەنجام دەدرێن، ئەم بازگانە لە زۆر شوێنی سنووری تەماس لەگەڵ کوردستان دروست کراوە، بەڵام باسەکەی ئێمە زیاتر پەیوەندی بە گەرمیانەوە هەیە بە تایبەتی خەڵکی کفری - جەبارە.

ئەم بازگەیە بۆ خەڵکی کەلار، کفری، صمود، بووەتە مەیدانێکی بژێوی کە زۆربەی خێزانەکان وەك تەنها پەنایەك بۆ کارکرنو بەڕێوەچوونی ژیانو گوزەران تەماشای دەکەن، خەڵك بە ئەشکالی جۆراو جۆرو بە ماندووبوونێکی زۆرەوە بژێوی سەرەتایی بە دەست دەهێنن، بەڵام ڕۆژانە دەیان جار کەرامەتیان پێشێل دەکرێو ئیهانەو سووکایەتییان پێ دەکەن، زۆر جاریش سووکە لێدانی لەگەڵدایە، هەندێ جار گرتنو بەندیخانەشی ئەبێ بە نسیب، کەم کەس هەیە کە لەوێدا کار دەکات ئەو کردەوە دژە ئینسانییەی بەرنەکەوتبێ، لێدانو ئیهانەو جنێوی بازاڕیو سووکایەتی کردن پیشەیەکی هەمیشەو بەردەوامی ڕۆژانەیە کە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دەکرێ.

ئەم ئیهانەو سووکایەتیو لێدانە پێتان وایە چییە؟

کێشەکان هیچیان سیاسی نییە.. .. ململانێکان هەرگیز لە سەر ئەوە نییە کە چەندە مەوادی پێویست دێننە ژوورەوە بۆ کوردستان.. ئیهانەو سووکایەتییەکان لەسەر ئەوە نییە کە ئەدەبیاتی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنیان پێ دەگرن، یاخود لەسەر سەربازی قاچاخ بن.. .. لێدانەکان لەسەر ئەوە نییە کە خەڵکی دەیکات بە قەرەباڵغیو ئەمانیش فریای پشکنینیان ناکەونو چەند کەسێکی خەتەر خۆی ئەکا بە ژوورا.. .. گرتنەکان لە سەر ئەوە نییە کە چەند کەسێك تاوانیان کردووەو لە دەستی یاسا هەڵاتوون ڕژێمیش زۆر بە هۆڵی خەڵکەوەیە ئەیەوێ تاوانباران دادگای بکات بۆ ئەوەی چی تر خەڵك لە دەستی ئەمانە زەرەر نەکات.

بەڵکو هەموو لێدانو گرتنو ئیهانەو سووکایەتییەکان لە سەر ئەوەیە کە جەندرمەکانی ڕژێمی بەعس ئەیانەوێ پارەیەکی زیاتر لە خەڵك وەرگن، خەڵکیش دەیەوێ کەمتر بدات، بە کورتی ئەمەیە ناوەڕۆکی ئەو هەموو کێشەو ململانێیەو ئەو هەموو کردەوە دژی ئینسانییەی کە بە هەقی خەڵکی دەست تەنگی کوردستان دەکرێ بە درێژایی ڕۆژو مانگو ساڵو ئەو بگرەو بەردەیە درێژەی هەیە، هەرچیش ڕوودەدات لە ئەنجامی ئەو ناوەڕۆکەی سەرەوەیە کە باسمان کرد، زۆر جار ڕووداوی زۆر دژی ئینسانی ڕوویداوەو بەردەوام ڕوودەدات، چەندین جار خەڵکی ئاگری تێبەربووەو بووە بە خەڵوز چەند جار تا ئێستا خەڵك بووە بە گوللەوە کوژراوە، چەندی تریش لە سەر ئەوەی چەند دینارێك بە دەست بێنن ڕێگەیەکی دووریان بڕیوەو لە ئەنجامی گەرماو سەرما گیانیان لە دەست داوە.

ڕژێم کۆمەڵێ سەربازو ئەفسەری هێناوە بۆ ئەو بازگانە، ئەگەر پشت بە مانگانەکەیان ببەستن ئەوا سووكو ئاسان خۆیانو خێزانەکانیان لە برسا ئەمرن، ئەوانیش لە جیاتی ئەوەی یەکگرتووانە ڕووبەڕووی ڕژێم بوەستنو داوای زیادکردنی مووچەکانیان بکەن، هاتوون بەربوونەتە گیانی ئەو خەڵکەو ئەیانەوێ لە سەر حیسابی ئەوانو بە ئیهانەو لێدانو سوکایەتی بەوان گیرفانی خۆیان پڕ بکەن بۆ ئەم مەسەلەش شوڵیان لێ هەڵماڵیوەو یەك تۆز مراعاتی پرەنسیپە ئینسانییەکان ناکەن. خەڵکیش بە جددی وەڕەس بوونە، بەڵام بژێوی ژیانیان ناچاری کردوون کە مل بنێن بەو ڕێگە سەختەوە، ئەوەش نەبێ کە بە تەنها یەك بازنە بێو پارەکەت لێ وەرگرنو ڕزگارت بێ، بەڵکو ئەمنو ئیستخباراتو مخابەراتو پۆلیس هەموویان بەشی خۆیان دەوێو بازگەی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، تەنانەت ئەو پیاوانەی کە کلکایەتی بۆ پیاوانی ڕژێمیش دەکەن لەناو بازاڕەکاندا پارە لە شوفێرەکان وەردەگرن بە لایە خۆشیو لایە زۆر.

خەڵکەکەش لەوێدا دوو بەشن بەشێکیان ئەوانەن کە هاتوون بە پێی توانای ماددیو جەسەدی خۆیان، هەندێ مەواد ئەم دیوو ئەو دیو بکەن، بۆ ئەوەی بژێوی خاوو خێزان دەربکەن هەندێکی تریان ئەوانەن کە پارەیان هەیەو بازرگانی دەکەن شتی کوردستان دەبەن بۆ لای ڕژێمو شتی لای ڕژێمیش دەهێنن بۆ کوردستان. بەشی دووەمیان شوفێرەکانن ئەمانەش بۆ خۆیانو بۆ خەڵکیش شت ئەمدیو ئەو دیو دەکەن، هەر ئەمانەش دایئەمۆی ئەو بزووتنەوە ئابوورییەن، ئەو ئینسانانەن کە ئەتوانن سیاسەتی ئابووری ڕۆژ لەو کەناڵەدا دیاری بکەن، چونکە ئەگەر ئەم شوفێرانە هاتووچۆ نەکەن ئەوە ئەو کەناڵە ئابوورییە تووشی شەلەل ئەبێو پیاوانی ڕژێمیش پارەی جگەرەکەیان بۆ پەیدا نابێ.

### چۆن ڕووبەڕووی ئەم واقیعە تاڵە ببینەوە

بەڵام لێرەدا پرسیارێك زەق دەبێتەوەو نیشانەی سەر سووڕمانیشی پێوە دیارە.. ئایا لە کاتێکدا ڕژێم دەست لەو خەڵکە دەکەنەوە هۆی چییە وا ملکەچیان نابن، چونکە هەر کەسو لایەنێك لە مەیدانی ئابووریدا ملکەچی کەسێکی ترو لایەنێکی تر بێ دەبێ لە مەیدانی سیاسیو کۆمەڵایەتیشدا گوێ ڕایەڵی ئەو بێ ئەی باشە ئەم یاسایە بۆچی لە بازگەکانی ڕژێمدا وا دەرنەچووە، هۆی ئەساسی ئەمەش ئەوەیە کەخەڵکی ڕێکخراو نییە یان تیۆری (هەر خۆم- انا وحدی) بە سەریانا زاڵە، تەگبیرو پرسو ڕا بە یەکتر نەبووەتە سوونەتێکی جێگیر سەرەکیترین ڕێز بەستن لە ناو ئەو خەڵکەدا مەوجود نییە ئەگەر ئەمانە هەبوایە ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەڵێم:

لە جیاتی شەقو گرتنو ئیهانەو سووکایەتیو جنێوە بازاڕییەکانیان ئەوە ماستاوو مامە حەمەیان بۆ ئەو خەڵکە دەکرد، چونکە ئاشکرایە تۆ چەندە ملکەچی بیت دوژمن ئەوەندە زاڵ دەبێت بە پێچەوانەشەوە هەر وایە، تۆ چەندێ توندو تۆڵو یەکگرتووانە لە بەرامبەریدا ڕاوەستی، ئەو بەو ڕادەیە ملکەچی داواکارییەکانت دەبێ، بە مەرجێ تۆ دەبێ ئەوەت لا ڕۆشن بێ کە ئەو بەبێ تۆ ناتوانێ ژیان بگوزەرێنێ، دەبێ ڕوون بێ لات کە تۆ ژیانی ئەوت ڕاگرتووە نایەڵی منداڵەکانی بکەونە سەر جادەو دەست بکەن بە سواڵکردنو شتی تریش.

هەر سیاسەتو بڕیارێك کە لە بەرامبەر ئێوەدا دەردەکرێ ئێوە دەتوانن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەخەباتو یەکگرتوویی خۆتان پوچەڵی بکەنەوە، خۆشتان دەزانن چەند جارێك کە کۆمەڵێکتان نەك هەمووشتان یەکتان گرتووە ڕژێم ناچار بووە لە زۆر شت تەنازول بکات، ئەی ئەگەر ئەو یەکگرتنە لە ڕیزێکی پانو بەرینتردا بێتو بە شیعاری ڕادیکاڵو داواکاریو خواستی گشتییەوە بێت دەبێ چەندە گەورەتر جێ بگرێ.

ئەم یەکگرتنە جگە لەوەی کە دەسکەوتی ماددی زیاتر بە دەست دەهێنێو بۆ هەمووتان لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بە هۆیەکی گرنگ بۆ ڕاگرتنی کەرامەتی ئینسانیتانو دانانی سنوورێك بۆ ئەو هەموو ئیهانەو سوکایەتیو جنێوە بازاڕییانەی جەندرمەکانی ڕژێمی بەعس، ئەوەشتان لە بیر نەچێ ڕەنگە هەر مانگرتنێ چەند ڕۆژێك لە کارتان بخات، بەڵام دواتر قەرەبووی ئەو زیانە ئەبێتەوە.

# لە ساڵیادی هەڵەبجەدا داوای دادگایی کردنی تاوانباران دەکەین

چواردە ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا ڕژێمی فاشی عێراق بە شێوەیەکی دڕندانە بە چەکی کیمیایی لە خەڵکی سڤیلو بێدیفاعی هەڵەبجەیدا. لەو ڕۆژەدا سەرەتا فڕۆکەکانی عێراق هەڵەبجەیان دایە بەر ڕێژنەی ناپاڵمو موشەك. پاشان تا نیوەشەو گازی سیانید، خەردەل، سارین، تابون، فۆسجینو چەندین جۆرە گازی دیکەیان بەسەر شاردا باراند. لە ئاکامدا شار پڕ بوو لە لاشەی مرۆڤو ئاژەڵو باڵندە. ئەوەشی لە شار هەڵدەهات فڕۆکەکان لە کۆڵی نەدەبوونەوە، هەموو ئەو ڕێگایانەش کە دەچوونەوە سەر سنووری ئێران، پڕ بوون لە لاشەی مرۆڤ. لە هەڵەبجەی شیرازە تێکچووی بێ فریاگوزاریدا، خەڵك دەشڵەژان، بەسەریەکدا دەکەوتن، دەڕشانەوە دەمردن. باوكو دایك نەدەپەرژانە سەر ڕۆڵەکانیان.

هەڵەبجە، کە لە شارە گەورەو هەرە جوانەکانی کوردستانی باشوور و حەشیمەتەکەی حەفتا هەزار کەس بوو، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا پێنج هەزار ڕۆڵەی شەهید و پانزە هەزاری لێ بریندار بوو. ئەوی دیکە لە ئێران بوونە پەناهەندەو شارەکەش بە دینامیت تەقێندرایەوە.

لەو ساتەوە لەوێ ڕێژەی سەرەتان، هەوکردنی مێشك، دەزگای هەناسە لە زیادبوونن.

(لۆکیما)ش لە نێو منداڵاندا بڵاوە. ئافرەتی نەزۆكو منداڵی لە دایك بووی نائاسایش زۆرن. گەر سەردانی هەڵەبجە بکەی، دەیان گۆڕی بە کۆمەڵ دەبینی. بەلای زۆرگردا ڕەت دەبی کە بریتین لە لاشەی قوربانیان و گڵیان بەسەردا کراوە. لە دەوری ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە سەوزەگیا شین نابێ، چونکە خاکەکەی ژەهراوی بووە.

بە داخەوە لە کاتی خۆیدا جیهان بێدەنگی لەم تاوانە کرد. تاکو ئێستاش تاوانباران بە سزای خۆیان نەگەیشتوون.

ئێمە کە لێرەدا کۆبووینەتەوە داواتان لێدەکەین هاوکارمان بن بۆ.

- دادگایی کردنی سەرانی عێراق وەك تاوانبارانی جەنگ و جینۆساید. بە تایبەتی (نزار خەزرەجی) کە ئێستا لە دانیمارك نیشتەجێیەو دەستی باڵای لەم تاوانەو لە ئەنفالیشدا هەبووە.
- پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی هاوکاری ڕژێمی عێراقیان کردووە لە دامەزراندنی پرۆژەی چەکە کۆکوژەکانیدا قەرەبووی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بکەنەوەو بەشداری لە بنیاتنانەوەی شارەکە بکەن.
- داوا لە کۆمەڵگای دانیمارك دەکەین هاوکاری ئێمەی کوردی نیشتمان دابەش و داگیر کراو بکەن بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان و هاوکات بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال، کە نزیکترینیان خەزرەجییەو دانیشتووی دانیمارکە.
- نەمری بۆ شەهیدانی کوردستان
- بێتەدی مافەکانی میللەتەکەمان

**کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ساڵیادی هەڵەبجە**
**کۆبنهاگن**
2002 / 3/ 16

**ناوی ڕێکخراوەکانی ناو کۆمیتەکە**

- کۆمەڵەی کەلتووری کوردی- دانیمارکی
- کۆمکار
- کامپینی هەڵەبجەو ئەنفال
- ئینتەرناشناڵ فۆروم (دانیمارکی)
- کۆمەڵەی کوردی لە ڕۆسکیلە
- کۆمەڵەی کوردی لە کۆگە
- گروپی نووسەرانی کورد لە ئەورووپا
- کۆمیتەی وەگەڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی خەزرەجی
- خۆیبوون
- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی عێراقی